جامی عەرەب.. مەغریب بە بردنەوە لە ئوردن بووە پاڵەوان

لە جامی عەرەب هەڵبژاردەی مەغریب بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە ئوردنی بردەوە و بووە پاڵەوان.

لە یاریی کۆتایی جامی عەرەب، هەڵبژاردەکانی مەغریب و ئوردن لە یاریگای لوسەیل و لە دەوڵەتی پایتەختی قەتەر رووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

تایمی یەکەم، یارییەکە بە بەهێزی دەستیپێکرد، لە خولەکی چوار یاریزان ئوسامە تاناتا، لە نێوەراستی یاریگاوە بە لەدانێکی بەهێز گۆڵی یەکەمی مەغریبی تۆمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو تاکە گۆڵە کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، ئوردن هاتەوە کەشی یارییەکە و لە خولەکانی 48 و 68 دووگۆڵیان لە ڕێگەی عەلی عەلوان تۆمارکرد و ئێنجامەکەیان پێچوانە کردەوە، بەڵام مەغریب لە هەوڵەکانی نەوەستا و لە خولەکی 87 حەمدەڵا گۆڵی یەکسانبوونی مەغریبی هێنایە بەرهەم.

کاتی ئاساییی یارییەکە بە یەکسانبوون بە دوو گۆڵ کۆتاییهات، بە یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکە ناوبژیوان پێنایبردە بۆ دوو تایمی زیادکراو.

لە تایمی یەکەمی زیادکراو و بە دیارییکراوی لە خولەکی 100 حەمدەڵا گۆڵی دووەمی خۆی و سێیەمی هەڵبژاردەکەی نوسییەوە، تا کۆتاییش ئەنجامەکە بەو شێوەیە مایەوە.

سەرئەنجام یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە سودی مەغریب کۆتاییهات، بەم ئەنجامە مەغریب بە دووەم جار لە مۆژوویدا نازناوەکەی بەدەستهێنا.